# لێکەوتەی وەپاشکەوتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی_زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

هەڵبژاردن بە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی پرۆسەی دیموکراسی قبووڵ دەکرێت. لە وڵاتانی جیهاندا، ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، سەربەخۆ، شەفاف و بێگەرد، ئاستی هۆشاریی گەل و پێشکەوتوویی نوخبەی سیاسیی وڵاتەکە بەدەر دەخات. هەرچەندە عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بە شێوەیەکی پراکتیك و ڕاستەقینە ئاشنای هەڵبژاردنەکان بوو، بەڵام مێژووی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٢ کە تیایدا یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان_عێراق ئەنجام درا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە پرۆسەی بەدیموکراسیبوون لە هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێك لە پێش شارەکانی دیکەی عێراق بوو. بەڵام ئێستا پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی قەیرانێکی زۆر سەخت بۆتەوە، ئەویش بریتییە لە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە وادەی یاساییی خۆیدا؛ چونکە ئەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەی کە پێشکەشی هەرێمی کوردستان دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە دیموکراسییەی، کە لە هەرێمی کوردستاندا بە سەرجەم کەموکوڕییەکانییەوە پەیڕەو دەکرێت. لێرە پرسیارێکی گرنگ و جەوهەریمان بۆ دروست دەبێت، ئەویش بریتییە لەوەی کە، ئایا لێکەوتەی وەپاشکەوتنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چی دەبێت؟ لێرە هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە چارەنووسسازە بدەینەوە.

**سیناریۆکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە دوای بڕیاری دادگەی فیدراڵی سەبارەت بە هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی کوردستان**

لە ڕۆژی سێشەممە (٣٠/٥/٢٠٢٣) دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق، لەسەر داواکاریی چوار هاووڵاتیی کورد (سروە عەبدولواحید، شاسوار عەبدولواحید، یوسف محەمەد و کاوە عەبدولقادر) کە چوار داوای جیاوازیان لە دژی بڕیاری درێژکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە دادگەی ناوبراو تۆمار کردبوو، بڕیاری بەنادەستووریبوونی بڕیاری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ پەرلەمانی کوردستان، کە تایبەتە بە درێژکردنەوەی وادەی کار و چالاکییەکانی پەرلەمانی کوردستان بۆ ماوەی یەك ساڵ. بەپێی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵیی عێراق لە ڕێکەوتی (٦/١١/٢٠٢٢)وە پەرلەمانی کوردستان بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت و، سەرجەم ئەو بڕیار و یاسایانەی دوای (٦/١١/٢٠٢٢) دەری کردوون، دەستووری نین[1]. بەم پێیە بۆشاییەکی دەستووری و یاسایی لە هەرێمی کوردستان سەری هەڵدایەوە. گرنگترین کێشە کە ئێستا ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، چۆنێتیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، چونکە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسیی هەرێمی کوردستان، وادە یاساییەکەی پڕ بووە و ناتوانێت بەبێ کارکردنی

لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە کارەکانی ڕایی بکاتەوە. بەکورتی نزیکەی سەرجەم دەرگەکانی ئەنجامدانی هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان داخـراوە و ئێسـتا ڕەواییـی پەرلەمـان و حکـوومەت و سـەرجەم دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ژێر پرسیار، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ پێشبینیی ڕوودانی ئەم سیناریۆیانەی خوارەوە بکەین دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:

**سیناریۆی یەکەم:** بەهـۆی ئـەوەی پەرلەمـانی کوردسـتان، کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبـژاردن و ڕاپرسـیی لـە وادەی یاسـاییی خۆیدا کـارا نـەکرد، بۆیـە ئێسـتا جگـە لـە کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، هیچ لایەنێکی دیکە ناتوانێت هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات. دوای دانووستانێکی دوورودرێژ و ئەنجامدانی چەندان کۆبوونەوەی دووقۆڵی لە نێوان بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە نێوەندگیریی نەتەوە یەکگرتووەکـان، بەڵام ئـەوەی ڕەهـایە بریتییـە لـەوەی کـە زۆر سـەختە ئەمسـاڵ هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کوردستان ئەنجام بدرێت، جگە لەمە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەفەرمی ئەوەی ڕاگەیاندووە کەوا ناتوانێت هەردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی پەرلەمان بەیەکەوە ئەنجام بدات[2]. هەر لەم چوارچێوەیەیش سەرۆکایەتیی هەرێم لە ڕێکەوتی (١٢/٧/٢٠٢٣) نووسراوێکی فەرمیی بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق نارد و تیایدا سەرۆکایەتیی هەرێم داوای کردووە کۆمیسیۆن ئامادەیی نیشان بدات بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان[3] و کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکـانی عێـراق ڕای گەیانـد کـەوا دوای هەفتەیـەك، وەڵامی نووسـراوەکەی سـەرۆکایەتیی هەرێـم دەدەنـەوە. بۆیـە سـیناریۆی یەکـەم، پێشـبینیی ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی پەرلەمانە لە ساڵی داهاتوو، ئەویش بە مەرجی کاراکردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق؛ چونکە لە دوای ٧ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ وادەی یاساییی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کۆتاییی پێ دێت و پێویستیی بە کاراکردن دەبێت.

بێ گومان ئەم سیناریۆیە زیاتر ویست و ئارەزووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لایەنە شیعەکانی نزیك ئێرانـە، چـونکە چەنـد هەڵبـژاردن دوا بخرێـت، ئـەوە یـەکێتی ئەمـە بـە بەرژەوەنـدیی خـۆی دەزانێـت، چـونکە دەرفەتی زیاتری دەبێت بۆ ئەوەی خۆی و نێوماڵی خۆی کۆ بکاتەوە؛ لەبەر ئەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان لـە دامەزرانـدنییەوە تـا ئێسـتا لـە خراپتریـن بـارودۆخی نـاوخۆییی خۆیـدایە و ڕووبـەڕووی پەرشوبڵاوییەکی وا بۆتـەوە، کـۆکردن و چـاکردنی بـارودۆخەکە ئـاوا ئاسـان نییـە. بۆیـە چەنـد هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان دوا بخرێـت، ئـەوە دەتـوانێ تـا ڕاددەیەکـیش بێـت خـۆی ڕێـك بخـاتەوە. جگـە لەمـە، ڕکابەرێکی بەهێزی وەکوو جووڵانەوەی نەوەی نوێ، بەتایبەت لە زۆنی سەوز، مەترسییەکی ڕاستەوخۆیە بۆ زیاتر کەمکردنی کورسییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان. ئەگەر "لاهوور شێخ جەنگی"ش لیستێکی سەربەخۆ و جیاواز لە لیستی یەکێتی پێك بهێنێت، ئەوە بارودۆخی یەکێتیی نیشتمانی زۆر خراپتـر دەکـات و وا لـە یـەکێتی دەکـات دووچـاری گەورەتریـن شکسـتی ببێـت لـە مێـژووی سیاسـیی خۆیـدا. واتـا ئەنجامـدانی هەڵبـژاردنی پەرلەمـانی کوردسـتان لـە سـاڵی داهـاتوو، زیـاتر خزمـەت بـە بەرژەوەنـدییەکانی یـەکێتیی نیشتمـانیی کوردسـتان دەکـات؛ بەڵام بـا ئەوەمـان لەیـاد نەچێـت بـۆ ئـەوەی هەڵبژاردنەکـان لـە سـاڵی داهـاتوودا ئەنجـام بـدرێت، ئـەوە دەبێـت کۆمیسـیۆنی باڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کارا بکرێت، کە ئەمەیش بەندە بە ئیرادە و ویستی لایەنە شیعەکانی دیکە.

**سیناریۆی دووەم:** هەر یاسا یاخود بڕیارێك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاوا بەئاسانی تێ ناپەڕێت،

بەتایبەت ئەگەر هاوکێشە سیاسییەکەی ئێستای بەغدا لەبەرچاو بگرین؛ چونکە نوخبەی سیاسیی شیعی و تەنانەت بەشێکی بەرچاوی سوننەکانیش، کار بۆ لاوازکردن و کۆتاییهێنان بە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمە جگە لەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان لایەنە سیاسییە عێراقییەکان هەیە، بە شیعە و سوننەوە. لەبەر ئەم هۆکارە، ئەگەری ئەوە هەیە کەوا کاراکردنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو چارەسەر نەکرێت و زیاتر دوا بکەوێت؛ چونکە تا ئەو کاتە هیچ لایەنێك ناتوانێ هەڵبژاردنەکە بەڕێوە ببات و سەرپەرشتی بکات؛ جگە لەمە عێراق دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە بڕیارە لە ١٨ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣ ئەنجام بدرێت، لەوانەیە زۆر پێویستی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نەبێت. بۆیە ئەم ئەگەرەیش هەیە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ دوای ساڵی ٢٠٢٤یش دوا بخرێت.

بە شێوەیەکی گشتی سیناریۆی یەکەم، نزیکترە لە واقع و لەوانەیە جێبەجێ بکرێت. بەڵام لە هەر دوو باردا دەرەنگ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا نییە و لە دوای ساڵی (١٩٩١)ەوە بە گەورەترین مەترسی دادەنرێت لەسەر قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان؛ ئەمە جگە لەوەی، دەکرێ پێشبینیی ئەوە بکەین کە سەرجەم ئەم هەوڵانە بۆ لاوازکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانە.

### ئایا عێراق دەیەوێت ئەم هەڵبژاردنە ئەمساڵ بەڕێوە بچێت؟

هەرێمی کوردستان، بەتایبەت دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٧ ئەنجام درا، ڕووبەڕووی گوشارێکی بێوێنەی لایەنە سیاسییەکانی دیکەی عێراق بۆتەوە. بێ گومان پێش ڕیفراندۆمیش ئەم گوشارە هەر هەبوو، بەڵام پاش ڕیفراندۆمەکە زۆر زیادی کردووە؛ بەتایبەت لە پاش ئەوەی وڵاتانی دراوسێی وەکوو ئێران و تورکیا بەفەرمی ناڕەزایەتیی خۆیان بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند و لە ئەنجامیدا خیانەتەکەی ١٦ی ئۆکتۆبەری لێ کەوتەوە.

لە ساڵی ٢٠١٤ گوشارەکانی بەغدا بە شێوەی بڕینی مووچە و بوودجەی هەرێمی کوردستان خۆی نواند، بەڵام دواتر کە هەرێمی کوردستان سەرەڕای سەرجەم قەیرانە ئابووری و داراییەکان، توانیی ڕووبەڕووی ئەم گوشارەی بەغدا ببێتەوە و گەیشتە ئاستێك کە لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوتەوە توانرا تا ڕادەیەك کێشەی نەناردنی بوودجە و مووچەی هەرێم لەلایەن بەغداوە چارەسەر بکرێت، ئەم جارە جۆر و شێوازێکی دیکەی گوشاری لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەستی پێ کرد کە ئەویش بریتی بوو لە بەکارهێنانی دادگەی باڵای ئیتحادی بۆ پەڕوباڵکردنی هەرێمی کوردستان و لاوازکردنی پێگەکەی و تەنانەت هێشتنەوەی وەکوو هەرێمێکی کارتۆنیی بێدەسەڵات. سەبارەت بە هەڵوێستی بەغدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بەگشتی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەتایبەت، دەتوانین ئەم خاڵانەی خوارەوە تێبینی بکەین:

**یەکەم:** هیچ کاتێك بەغدا، تەنانەت دوای ساڵی ٢٠٠٣یش، نەیویستووە و نایەوێت هەرێمێکی کوردیی بەهێز دروست بێت. ئەو دەسکەوتانەی هەرێمیش کە تا ئێستا بەدەستی هێناوە و خەریکە لەدەستی دەدات، لە ئەنجامی گوشاری نێودەوڵەتی و بوونی هێزی پێشمەرگەیە. بۆیە بەغدا بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکات هەرێم لاواز بکات و دەسەڵاتەکانی سنووردار بکات. هەر کاتێك بەغدا تەنانەت هەست بەوە بکات بەهێز دەبێت، ئەوە گوشارەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات. بۆیە قەوارەیەکی لاوازی کارتۆنی لە

هەرێمی کوردستان، ویست و ئارەزووی لایەنە سیاسییە شیعەکانە و هەر دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێت، ئەوە درێغی ناکەن و لە دژی قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان بەکاری دەهێنن.

لەناوبردنی قەوارەی هەرێم یاخود لاوازکردنی، ویست و ئارەزوویەکی بەردەوامی هێزە سیاسییەکانی عێراقە، بە شیعە و سوننەوە؛ چونکە عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە بەغدا لە دوای 2003یش زۆر گۆڕانکاریی بەخۆیەوە نەبینیوە بەراورد بە پێش ساڵی 2003. ناتەبایی پارتی و یەکێتی، خراپیی بارودۆخی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان و تێڕوانین و هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ بەرامبەر هەرێمی کوردستان و کارکردنیان بۆ ئەوەی بەهێز نەبێت، وەکوو دەرفەتێکی زێڕین وایە بۆ لەناوبردن و لاوازکردنی قەوارەی هەرێم. واتا ئامانجی سەرەکیی لایەنە سیاسییە شیعییەکان، مامەڵەکردنە لەگەڵ هەرێمی کوردستان وەك پارێزگایەکی عێراق و کۆنترۆڵکردنی لە لایەنی ئابووری و دارایی و سەربازی و ئەمنییەوە. بەتایبەت خراپیی نێوان پارتی و یەکێتی، ئەم ویست و ئارەزووەی بەغدای زەقتر کردۆتەوە و پاڵنەرێکی باشیش بووە بۆ خێراتر جێبەجێکردنی ئامانجی لەناوبردن و لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. بۆیە لایەنە شیعییەکان کار بۆ لەدەستدانی شەرعییەتی دامودەزگەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەتایبەت پەرلەمانی کوردستان، کە تاکە مەرجەعی یاسادانانی ئەم هەرێمەیە، بە بڕیارێکی دادگەی ئیتحادی هەڵوەشایەوە؛ بەم شێوەیە حکوومەتەکەیش بووە بە حکوومەتی کاربەڕێکەر. جگە لەمە هیچ دەزگەیەکی فەرمی و ڕەوا لە هەرێمی کوردستان نەماوە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدات. بەکورتی، داهاتووی دیموکراسیی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە ژێر ڕەحمەتی لایەنە شیعییەکانی عێراق کە ویست و ئارەزووی سەرەکییان لاوازکردن و لەناوبردنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە.

**دووەم:** یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نزیکترین هێزی سیاسیی کوردییە لە تاران و لایەنە سیاسییە شیعەکانی نزیك ئێران. لاوازبوونی ئەم حزبە، لە بەرژەوەندیی ئێراندا نییە. بۆیە تاران سەرجەم کارتەکانی گوشاری خۆی لە دژی هەر هەوڵێك یاخود بارودۆخێك بەکار دەهێنێت کە لە ئەنجامیدا یەکێتی لاواز دەبێت. هەروەك ئاشکرایە لە لای هەمووان، بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی زۆر خراپە و مەترسییەکی ڕاستەوخۆ دروست بووە بۆ لەدەستدانی ڕێژەیەکی بەرچاوی دەنگەکانی؛ چونکە ئەگەر تەماشایەکی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨ بکەین، ئەوە دەبینین یەکێتی لە کۆی گشتیی ١٠٠ کورسی، جگە لە ١١ کورسیی پێکهاتەکان، تەنیا ٢١ کورسیی بەدەست هێناوە کە دەکاتە نزیکەی (٢١%)ی کۆی گشتیی دەنگە دروستەکان، بەرامبەر بە ٤٥ کورسی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کە دەکاتە (٤٥%)ی کۆی گشتیی دەنگەکان[4]. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە بارودۆخی ناوخۆی یەکێتی بەراورد بە ئەمڕۆ زۆر باشتر بوو؛ لەبەر ئەمە ئێستا پێشبینی دەکرێت یەکێتی لە هەلومەرجی ئێستادا زیاتر دەنگەکانی لەدەست بدات. بۆیە چەند هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوا بخرێت، ئەوە لە بەرژەوەندیی یەکێتی دەبێت بۆ ئەوەی کاتی زیاتری پێ بدرێت بە مەبەستی خۆڕێکخستن یاخود دەرچوون بە کەمترین زیان لەم بارودۆخەی کە ئێستا بەدەستییەوە دەناڵێنێت. لەبەر ئەم هۆکارانە، دەبینین هاوپەیمانانی یەکێتی لە لایەنە شیعەکانی نزیك تاران، کار بۆ وەپاشخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەن وەکوو پاڵپشتییەك بۆ یەکێتی.

**سێیەم:** ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە تاران نفووزێکی فراوانی هەیە لە بەغدا لە دوای ساڵی 2003. بەغدا ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندیی تاران هیچ هەنگاوێك بنێت، چونکە بەرپرسە شیعییەکان زیاتر لەژێر ڕکێفی ئێراندان. ئێران هیچ کاتێك نایەوێت کورد لە عێراق بگاتە ئاستێك ببێتە

مەترسی بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات؛ چونکە بەرپرسانی ئێران لەو بڕوایەدان هەرێمی کوردستان چەندە بەهێز و ئاوەدان بێت، ئەوەندە دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئێران و، ئەمە دەبێتە هۆی هاندانی کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی زیاتر لە دژی ڕژێمی ئێران تێ بکۆشن بە مەبەستی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان. بۆیە تاران بە هیچ شێوەیەك هەرێمی کوردستانێکی کۆنترۆڵنەکراوی لەلایەن خۆیەوە نایەوێت و کار بۆ لەناوبردن یاخود لاوازکردنی هەرێمی کوردستان دەکات. دەتوانین بڵێین ئەم هەڵوێستەی ئێران لەنێو لایەنە سیاسییە شیعییەکانی عێراقدا ڕەنگی داوەتەوە و تەنانەت لەسەر ئەرزی واقیعیشدا قۆناغەکانی لاوازکردن و لەناوبردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە.

**درێژەکێشانی ئەم دۆخە سیاسی و یاساییەی ئێستا، چ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی سیاسی و ناوخۆیی هەرێمی کوردستان دەبێت؟**

دۆخی سیاسی و ناوخۆیی هەرێمی کوردستان لە نالەبارترین ئاستدایە. تەنانەت ئەوەندە مەترسیی جددی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دروست بووە، خەریکە قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز دەبێت و وەکوو پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بێ گومان سەرەکیترین هۆکاری خراپبوونی دۆخی سیاسی و ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی. بەم هۆیەوە دۆخی هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی درێژخایەنی قووڵدا تێ دەپەڕێت و هیچ ئاسۆیەکی چارەسەریش بەدەر نەکەوتۆتەوە. بەداخەوە دیمەنی ئێستای ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەکوو ئەو دوو ئاسکە وایە کە خەریکی شەڕن لەگەڵ یەکتر و، لەو بەرەیش شێرێك نزیکیان دەبێتەوە بۆ ئەوەی پەلاماریان بدات! کاتێك کە شێرەکە زۆر لێیان نزیك دەبێتەوە، ئەوکات دوو ئاسکەکە بەخۆ دەکەون و هەوڵی ڕاکردن دەدەن، بەڵام ئەم هەوڵە فریایان ناکەوێت و شێرەکە یەکێکیان دەخوات. پارتی و یەکێتی یەکتر دەخۆن و بەم شێوەیەیش زەرەر و زیانێکی زۆر لە خۆیان و هەرێمی کوردستان و دۆزی کورد دەدەن. ئەم ناتەباییە، خەریکە هەرێمی کوردستان دەکاتە نێچیرێکی ئاسان بۆ دوژمنانی کورد و کوردستان.

پارتی و یەکێتی بە درێژاییی مێژوو پێش ساڵەکانی نەوەدەکانیش کێشە و گرفتیان هەبووە؛ ئەم کێشانە تا ڕۆژگاری ئێستایش درێژەیان هەیە و چارەسەر نەکراون. بەداخەوە پێ ناچێت گرفتەکانی نێوان ئەم دوو حزبە سیاسییە وا بەئاسانی کۆتاییان پێ بێت! مەترسییە گەورەکەیش بریتییە لەوەی تاکە سوودمەند لەم دۆخەی ئێستادا، نەیاران و دوژمنانی قەوارەی هەرێمی کوردستانن. ناکۆکییەکانی ئەم دوو حزبە سیاسییەی هەرێم گەیشتە ئاستێك، پەرلەمانی کوردستان شەرعییەتی خۆی لەدەست بدات و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ببێتە حکوومەتێکی کاربەڕێکەر. جگە لەمەیش هەرێمی کوردستان خراوەتە دۆخێکی ئاوا کە نەتوانێ هەڵبژاردنی پەرلەمان ئەنجام بدات. لە لایەکی تر لە یاسای بوودجەی عێراق[5] کە بۆ ماوەی سێ ساڵ جێبەجێ دەکرێت، چەندان خاڵی نەرێنی لە ڕووی هەرێمەوە قبووڵ کراوە، کە گرنگترین و سەرنجڕاکێشترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

. لە ماددەی (١٢/یەکەم) جەخت لەسەر پاکتاوکردنی شایستە داراییەکانی نێوان حکوومەتی مەرکەزی و حکوومەتی هەرێم لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٤) تا (٢٠٢٢) دەکات، ئەویش بەپێی یاسای بوودجە بۆ هەر ساڵێك. ئەم ئەرکەیش بە دیوانی چاودێریی داراییی فیدراڵی بە هاوکاریی دیوانی چاودێریی داراییی هەرێم ڕاسپێردراوە.

ئەگەر دیوانی چاودێریی فیدراڵی بیەوێت گرفت دروست بکات، زۆر بەئاسانی دەتوانێ لە ڕێگەی ئەم ماددەوە چەندان گرفت و کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکات. دەتوانین ئەم ماددەیە بە یەکەمین مین لە یاسای بوودجە دابنێین، چونکە پاکتاوکردنی حساباتی دارایی نزیکەی ١٨ ساڵ، کارێکی ئاوا ئاسان نییە و زۆر قورس و ئاڵۆزە؛ بەتایبەت ئەگەر بارودۆخی ئێستا لەبەرچاو بگرین کە ناکۆکییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان لایەنە سیاسییە عیراقییەکان و هەرێمی کوردستان.

. لە ماددەی (١٢ / دووەم – أ) حکوومەتی هەرێمی کوردستان پابەند کراوە ڕۆژانە بە ناردنی بڕی (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، ئەم بڕە نەوتە دەبێت لە بیرە نەوتەکانی ناو سنووری هەرێمی کوردستان بێت؛ واتا دەقە عەرەبییەکە ڕێك ئەوها داڕێژراوە: "تلتزم حكومة اقليم كردستان بالتنسيق مع وزارة النفط الاتحادية **بشحن النفط الخام المنتج من الحقول الواقعة في الاقليم** الى مخازن شركة تسويق النفط (سومو) في ميناء جيهان التركي بما لا يقل عن اربعمائة الف برميل يوميا." لێرە پرسیاری ئەوەمان بۆ دروست دەبێت: ئەی ئەو بیرە نەوتانەی کە دەکەونە ناوچە دابڕێنراوەکان؟ یاخود ئەوانەی لە دەرەوەی سنووری هەرێمن؟ بێ گومان لە سێ ساڵی داهاتوودا ئەمە گرنگترین کێشە دەبێت. جگە لەمە ئایا بیرە نەوتەکانی هەرێم تا چەند ساڵ دەتوانن ڕۆژانە (٤٠٠) هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بهێنن؟ یاخود ئایا بەڕاستی بیرە نەوتەکانی هەرێم ئێستا ڕۆژانە توانای بەرهەمهێنانی ئەم بڕە نەوتەیان هەیە؟

پێشبینی دەکرێ کە ئەمە تەڵەیەکی دیکەیە کە لە یاسای بوودجەدا بۆ هەرێم دانراوە کە لەوانەیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا بە مەبەستی زیاتر ملکەچکردنی هەرێم لەلایەن هێزە سیاسییە شیعییەکانەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەك کارتێکی گوشار بەکار بهێنرێت.

. لە ماددەی (١٢ / دووەم – ب) هاتووە کەوا ئەگەر نەتوانرا نەوتی هەرێم لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکی یاخود هەر دەروازەیەکی دیکە هەناردە بکرێت، ئەوە هەرێمی کوردستان پابەند کراوە بە دانی ئەو بڕە نەوتەی کە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی دیاری دەکات بیدات بە عێراق بە مەبەستی بەکارهێنانی لەسەر ئاستی ناوخۆیی لە عێراقدا. هەرچەندە ئەم خاڵە وەك خاڵێکی ئەرێنی دەبینرێت، بەڵام لە ئەسڵدا بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندیی هەرێمدا نییە، چونکە پێش هەموو شتێك لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراقدا لەوانەیە بڕی ٤٠٠ هەزار بەرمیلی ڕۆژانە زۆر بێت و عێراق پێویستی بەم بڕە نەوتە نەبێت. لەم حاڵەتەدا ئایا عێراق پابەند دەبێت بە ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم بەبێ کەموکوڕی؟ جگە لەمە لە هەموو بارێکدا هەنارەکردنی نەوتی هەرێم بۆ دەرەوە، باشترە لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ بەکار بێت؛ چونکە ئێستا تا ڕاددەیەکی باش نەوتەکەی هەرێم لە بازاڕەکانی جیهاندا کڕیاری خۆی هەیە و ئەم بابەتە پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ڕووی نەخشەی وزەی جیهانەوە دەگەیەنێتە ئاستێکی بەرزتر. بەڵام دابڕاندنی کەرتی نەوتی هەرێم لە بازاڕی جیهان، گورزێکی کوشندەیە بەر کەرتی نەوتی هەرێم دەکەوێ.

. بڕگەیەکی دیکەی یاسای بوودجە بریتییە لە قەرەبووکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە تێچووی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوتی هەرێم کە ڕادەستی وەزارەتی نەوتی عێراق دەکرێت لەسەر بنەمای تێچووەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق. بەڵام تێچووی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت لە وەزارەتی نەوتی عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازە و هی هەرێم زۆر زیاترە، بەهۆی جۆری ئەو گرێبەستە نەوتییانە کە هەرێم واژۆی کردووە. لەم خاڵە کێشەیەکی جەوهەری دروست دەبێت و ڕۆژانە جیاوازییەکی زۆر دروست دەبێت و ئەم جیاوازییەیش بەپێی ئەم بڕگەیە دەکەوێتە ئەستۆی هەرێمی کوردستان. بە

شێوەیەکی ڕەها ئەم بڕگەیە گرفتی جددی بۆ هەرێم دروست دەکات و لەوانەیە دووچاری کورتهێنانێکی بەرچاوی بکات. ئەمەیش یەکێکی دیکەیە لەو بڕگانەی کە بۆ گوشارخستنە سەر هەرێم دانراوە و لەگەڵ جێبەجێکردنی بڕگەکانی یاسای بوودجە ئەم گرفتە بە شێوەیەکی زەق سەر هەڵدەدات.

.داهاتە نانەوتییەکان، بابەتێکی دیکەیە کە دەکرێ حکوومەتی عێراقی و لایەنە سیاسییە شیعییەکان وەك گوشـار لـە دژی هەرێـم بەکـاری بهێنـن. لـە مـاددەی (١٢/دووەمـ د) حکوومەتی هەرێـم پابەنـد کـراوە بـە ڕادەستکردنی داهاتە نانەوتییەکان و ناردنی بۆ گەنجینەی حکوومەتی فیدراڵی. وردەکاری و میکانیزمی ئەم پرۆسـەیە و چـۆنێتیی جێبـەجێکردنی، لەوانەیـە گرفـت بـۆ هـەردوو لا دروسـت بکـات. حکوومەتی عێراقی دەتوانێ ئەم بابەتە وەکوو کارتێکی گوشار بەرامبەر حکوومەتی هەرێم بەکار بهێنێت. جگە لەمە لە ماددەی (١٢/دووەم – هـ) ناردنی شایستە داراییەکانی هەرێم بە جێبەجێکردنی بڕگەکانی (أ، ب، ج، د)ی ماددەی (١٢)ی یاسای بوودجە بەستراوەتەوە. واتا لایەنە سیاسییە شیعییەکان دەستیان کراوەتەوە کە، هەر کاتێك بیانەوێ شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان ببڕن.

. لە ماددەی (١٣/ یەکەم – أ و ب) ئاماژە بە کردنەوەی هەژمارێکی بانکی دەکرێت لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە لە بانکی ناوەندیی عێراقدا. هەروەها دەبێت هەژمارێکی بانکیی دیکەیش لە یەکێك لەو بانکانە بکرێت کە لەلایەن بانکی ناوەندیی عێراقەوە دانپێدانراوە، بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی عێراق، شایستە داراییەکـانی هەرێـم بنێرێتـە ئـەم هەژمـارە؛ ڕاکێشـانی پـارەیش لـەم هەژمـارە بـانکییە، لـە دەسـەڵاتی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانە یاخود ئەو کەسەی کە سەرۆکوەزیران دەسەڵاتی پێ دەدات پارەکە ڕابکێشێت. بەڵام ئەوەی لەم خاڵە تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەوا، ئەم هەژمارە بانکییە بە شێوەیەکی ڕەها لـەژێر چـاودێریی حکـوومەتی عێـراق و دیـوانی چـاودێریی دارایـی عێراقـدا دەبێـت. ئەمـە بـە شێـوەیەکی ڕاسـتەوخۆ کەمکردنەوەیـە لـە دەسـەڵاتی سـەرۆکوەزیرانی هەرێـم و، دەقەکـە بـە شێوەیەك داڕێژراوە ئەگەر حکوومەتی عێراقیش هەڵوێست و نییەتی باش بێت، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی دیوانی چاودێریی دارایی عێراقـەوە گوشـار و تەنـانەت سووکـایەتی بـە سـەرۆکوەزیرانی هـەرێمی کوردسـتان بکرێـت بـە بیـانووی چاودێریکردنی ئەو بڕە پارەیە کە بۆ هەرێم دەنێردرێت.

لە ڕێگەی یاسای بوودجەوە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی خراوەتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی حکوومەتی عێراقی و دیوانی چاودێریی دارایی عێراقەوە. لایەنە سیاسییە شیعییەکان لە چوارچێوەی یاسای بوودجەدا دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانیان بە شێوەیەك سنووردار کردووە، هەر کاتێك بیانەوێت گوشاری لەسەر دەکەن و شایستە داراییەکانی دەبڕن. لە ئەگەری بەردەوامیی ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، مەترسـییەکانی سـەر قـەوارەی هـەرێمی کوردسـتان زیـاتر دەبێـت و بەبـێ یـەك و دوو قـەوارەی هـەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی لەناوچوونی تەواو دەبێتەوە. ئەگەر وردتر یاسای بوودجەی عێراق بۆ سێ ساڵی داهـاتوو شـی بکەینـەوە، ئـەوە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە هـەرێمی کوردسـتان وەکوو پارێزگایەك مـامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ئەنجـامێکی دیکـەی ناکۆکییەکـانی نێـوان پـارتی و یـەکێتی، خەریکـە هەنـدێك مەترسـیی جـددیی دیکـەی لـێ دەکەوێتەوە کە ئەویش بریتییە لە ڕێگەدان بە دانان و جێگیرکردنی چەند فڕۆکەخانەیەکی سەربازی کە سەر بە هێزی ئاسمانیی عێراقە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هەواڵی کردنەوەی فڕۆکەخانەیەکی سەربازی لە گەرمیان لە میدیاکاندا بڵاو ببووەوە. هەروەها ئاماژە بەوەیش دەکرێت کەوا سێ فڕۆکەخانەی سەربازیی

دیکەیش دروست و نۆژەن دەکرێنەوە کە نزیکن لە سنووری هەرێمی کوردستان. ئامانجی دروستکردنی ئەم فڕۆکەخانانە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئاسمانی هەرێم. ئەم هەنگاوە لە دۆخی ئێستادا زۆر مەترسیدارە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، چونکە لەوانەیە بە بیانووە جیاجیاکانەوە دەرفەت بداتە سوپای عێراق بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەی سەربازی لە دژی خەڵکی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە. با ئەوەمان لەیاد نەچێت، یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان، پێکهێنانی ناوچەی دژەفڕین و هێڵی ٣٦ بوو کە لە کۆتاییی ساڵی ١٩٩١ جێبەجێ کرا و تیایدا فڕینی فڕۆکەی جەنگیی عێراقی لەسەر ئاسمانی هەرێمی کوردستان قەدەغە کرا؛ چونکە ڕژێمی بەعس فڕۆکەی جەنگیی لە دژی خەڵکی سیڤیل بەکار هێنا. بەڵام ئێستایش وا دیارە بەغدا بە هەمان عەقڵییەت پیلانی بەکارهێنانی فڕۆکەی سەربازی و ئاسمانی هەرێمی کوردستانی هەیە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی هەرێم و کۆتاییهێنان بە قەوارە دەستوورییەکەی. بێ گومان ئەم هەنگاوەی سوپای عێراق بەبێ ڕەزامەندیی لایەنێکی سیاسیی کوردی جێبەجێ ناکرێت. ئەمەیش لە ئاکامی گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی دروست بووە.

**کۆبەند**

هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا بە سەخترین و مەترسیدارترین قۆناغی خۆیدا تێ دەپەڕێت، چونکە بە شێوەیەکی پلانبۆداڕێژراو هەوڵێکی جددی هەیە بۆ کۆتاییهێنان بە قەوارە دەستووریيەکەی. ئەوەی کە ئەم ئەرکەی لایەنە سیاسییە شیعییەکانی ئاسان کردووە، ناکۆکییە ناوخۆییەکانی هێزە سیاسییەکانی هەرێمە. بۆیە دەبێت هەرێمی کوردستان بە زووترین کات کار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

**یەکەم:** سەرۆکایەتیی هەرێم، دەبێت ژوورێکی عەمەلیات پێك بهێنێت بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان بە زووترین کات. ئەمەیش پێویستە بە هەماهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە بێت.

**دووەم:** سەرۆکایەتیی هەرێم، دەبێت ڕۆڵی بەرچاوتر و جددیتری هەبێت بۆ لێکنزیکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان و، کار بکات بۆ بەیەکگەیاندن و لێکنزیککردنەوەی پارتی و یەکێتی؛ چونکە بەبێ ڕێککەوتنی ئەم دوو حزبە سیاسییە سەرەکییەی هەرێم، ناتوانرێت هەنگاوی دروست بنرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان.

**سێیەم:** بە سوودوەرگرتن لە کەسایەتی و پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم، پێویستە سەرۆکی هەرێم بە هەماهەنگیی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، کاری جددی بکەن بۆ دیاریکردنی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان. نووسراوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە ڕێکەوتی (١٢/٧/٢٠٢٣) هەنگاوێکی گرنگ و باشە و، پێویستە درێژە بەم جۆرە هەوڵانە بدرێت.

**چوارەم:** سەرۆکایەتیی هەرێم، زۆر گرنگە لە قۆناغی ئێستادا لە پەیوەندیی بەردەوامدا بێت لەگەڵ سەرکردە شیعییەکان لە بەغدا، چونکە چارەسەرکردنی گرفتەکە لە ڕێگەی دانوستاندنی بەردەوام دەبێت لەگەڵ سەرکردە ئاماژەپێکراوەکان. هەروەها زۆر پێویست و زەرووره سەرۆکی هەرێم بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە سەردانی وڵاتانی دراوسێ بکات، بەتایبەت ئێران؛ چونکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق لە

دوای ٢٠٠٣ تاران بەردەوام ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.

**پێنجەم:** مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێگە و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر ئاستی عێراقدا. ئێستا لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە سەردانی بەغدا بکات و چاوی بە سەرکردە شیعییەکان بکەوێت؛ چونکە بوونی خودی مەسعوود بارزانی، قورساییەکی زیاتر دەبەخشێتە هەوڵەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان. جگە لەمە، باشترە مەسعوود بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش هەڵمەتێك دەست پێ بکات؛ بەتایبەت سەردانیکردنی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا، لەوانەیە کاریگەریی باشی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆخەی کە هەرێم ئێستا بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

**شەشەم:** لەسەر ئاستی ناوخۆییش، مەسعوود بارزانی، باشترە جووڵەیەکی گشتگیر بکات و وەکوو سەرکردە و مەرجەعێك دەستپێشخەری بکات و سەردانی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بکات بۆ لێکنزیکردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان؛ چونکە بەڕاستی ئەم قەیرانە ناوخۆییە کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، بە تەنازولکردنی لایەنێکی سیاسی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبێت؛ بەپێچەوانەوە ئەنجامی زۆر نەرێنیی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها با ئەوەیشمان لەبیر نەچێت، کێشە و قەیرانە گەورەکان بە سەرکردە و پیاوە مەزنەکان چارەسەر دەکرێن.

[1]. بۆ گەیشتن بە دەقی بڕیارەکەی دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://drive.google.com/file/d/1gFGOG-3JzLfOhejHpEYWh0vFLmtKsIq_/view ، (ڕێکەوتی سەردان: ٨/٧/٢٠٢٣).

[2] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم بابەتە، دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە بگەنە لێدوانەکانی "عیماد جەمیل"، سەرۆکی ڕۆژنامەڤانیی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق: **https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/230620235** ، ڕێکەوتی سەردان: ٤/٧/٢٠٢٣)).

[3] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی نووسراوەکەی سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://shorturl.at/HPY79 ، ڕێکەوتی سەردان: ١٢/٧/٢٠٢٣).

[4] بۆ گەیشتن بە ئەنجامە فەرمییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە سەردانی ماڵپەری فەرمی پەرلەمانی کوردستان بکەن: https://www.parliament.krd/about-parliament/parliament-terms/term-5/ ، ڕێکەوتی سەردان: ٥/٧/٢٠٢٣).

[5]. بۆ بینیی دەقی یاسای بوودجەی عێراق کە بۆ سێ ساڵ پەسەند کراوە (٢٠٢٣،٢٠٢٤،٢٠٢٥) دەتوانن لە ڕێگەی ئەم لینکەوە سەردانی ماڵپەری ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی بکەن: https://moj.gov.iq/upload/pdf/4726_72.pdf ، (ڕێکەوتی سەردان: ٩/٧/٢٠٢٣).